ڕێکخراوێکی ژینگە پێیامێکی لێبارەی پێدانی جێژنانە بە ژینگەپارێزان بڵاوکردەوە

ڕێکخراوی ئایندە بە پاراستنی ژینگە ڕایگەیاند وەکو وەفایەك بە ژینگە پارێزان خۆتان دەستپێشخەری بکەن و جەژنانە و دیاریيان پێبدەن.

ڕێکخراوی ئایندە بە پاراستنی ژینگە لەپەیامێکدا ڕایگەیاند، "سەبارەت بە بیاری هەندێك لە کەمپانیاکانی تایبەت بە پاککەرەوە، کە ساڵانە لە مانگی ڕەمەزان و بەشێك لە بڕنەکانی تر ئاماژە بەوە دەکەن، هەر ژینگەپارێزێك داوای جەژنانە بکات ئەوا بە بڕی 500 هەزار دینار سزا دەدرێن".

ئاماژەی بەوەکردوە، "بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین بەرگری لە ژینگەپارێزان بکەین، ماوەی دە ساڵە داوا لە هاوڵاتیان دەکەین جەژنانە و دیاری بدەن بە ژینگەپارێزان، پێش ئەوەی خۆیان داوا بکەن، بە ئەوەی بیانو نەدرێتە دەست کەمپانیاکان سزایان بدەن".

دەڵێت، "هەر ئەمە پەیوەندیمان بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییەوە کرد

سەبارەت بەو سزایە، ئاماژەیان بەوە کرد،(هیچ یاسایەك) تایبەت بەو سزایە بونی نیە، واتە ئەو بڕیارە کەمپانیاکان خۆیان داویانە.

ئەوە یخستەتەو، "ئەمە داوا لە کەمپانیاکانی تایبەت بە ژینگەپارزان دەکەین، بیر لە باشترکردن و چاکترکردنی ژیانی ژینگەپارزان بکەنەوە بە ئەوەی ئەوانیش داوای جەژنانە لە خەڵکی نەکەن".

ڕەکخراوەکە باسی لەوەشکرد، "داوا لە هاوڵاتیان و دوکاندار و شوێنە گشتییەکان دەکەین وەکو وەفایەك خۆیان دەستپێشخەری بکەن و جەژنانە و دیارییان پێبدەن، پێش ئەوەی خۆیان داوا بکەن، دڵنیابن ماڵ بە بەخشین کەم ناکات".